کات بەرژەوەندیـیە تاکەکەسـیـیەکان تـا رادەیـەك چاوپۆشیان لێـدەکرێ و پێوەنـدی مرۆڤـەکان دەچـێتە قۆنـاغێکی سـالم و هەمووان بـۆ ئامانجە گشتـیـیەکان کـە هـەڵگری بەرژەوەندیـیە گشتـیـیەکانن، دەنگ و هەوڵیان دەدەنە پاڵ یەك و روخسارە بـە دەمامـــك داپۆشـــراوەکان زەق دەبنــــەوە و مەترســــیـیەکان دەرەوێنەوە و کەنارێکی ئارام بۆ گشت لایەك بەدی دەکرێ.

بە واتایەکی دیکە بە بێ دیاریکردنی ئەرك و سەڵاحیەتەکان و ئەسـپاردنیان بـە کەسـانێك کـە رەواییـیـەتی خۆیـان لـە پرۆســەیەکی دێموکراتیــك دا وەدەســت هێنــاوە، نــاتوانین پەیوەندیـیەکی ئۆرگانیکی و قەراردادی سالم لە نێوان مرۆڤەکان بـۆ پێشڤەچـوونی ژیانیـان دارێـژین ، کـە واتـا لـەو حاڵەتـەدا سیاســەت بـــە ماناگشــتی یەکـــەی ناکەوێتـــە خانـــەی پراگماتیستـیـیەوە و کـارو چـالاکـیـیەکان لـە هـەموو ئاستـەکان تووشی لەقبوون و دابەزین دەبن .

ئەگـەر تەنانـەت کـۆنگرە و بڕیارەکـانی سیستـەم تووشـی هێنـدێك خەسـاریش بکـا، ئـەوا دیسـان باشـترە لـە نـەبوونی میکانیزمێك بۆ بەرێوەبردن. تەنیا ئیرادەی کۆیـیـیە کە دەتـوانێ مرۆڤەکان بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە بیرو باوەڕەکانی خۆیان بـە رەهـا "موتلـەق" نـەزانن و سنوربەندیـیەکی دەمارگرژانـە لـە نێوان ڕاستی و ناراستـیدا نەکەن .

ناکرێ بە ڕواڵەت بنەماکانی دێموکراسـی لـە قسـەکانمان دا بکەینـە چـەکی کوشـندەی بەرامبـەر و بـە کـردەوە دژ بـەم پرنسـیپانە بوەسـتین، ئـەویش هۆکارەکـەی دەگەڕێتـەوە سـەر چەند مەسەلەی سەرەکی:

یەکـەم ئـەوە کـە پلـەی ئاگـایی و شـیاری خـەڵك ( لێـرەدا بەتایبـەتی مەبەسـتم لاوانـە) گەیشـتۆتە ئـەو رادەیـەی کـە جیاکاریـیـەکی ژیرانـە و زانسـتیانە لـە راسـتیەکان و واقیعـە ناڕەواەکان بکەن و بە خوێندنەوەی هەموو لایەنەکانی قـەزاوەت و هەڵوێست بگرن .

دوهەم : رێژەگەرایی خەریکە بەتـەواوی تـەنگ بـە موتلـەق گەرایی هەڵدەچنێ و کەم ڕەنگ بوونەوەی بیرە ئایدۆلۆژیکـەکان لە چاخی نوێ دا دەبێتە رێگر لە بەردەم تێگەیشـتنە سـەقەت و جێگە بە سەرهەڵدانی بیرە چەقبەستووەکان لێژ دەکا.

سێهەم : نـابێ ئـەم واقیعـەمان لـە بـیر بچـێ کـە کۆمـەڵگا رۆژهەڵاتـیـیەکان لە قۆناغی تێپەڕین لە بـاوەڕە دوگم و ئاینیـیە دەمارگرژکـان تێدەپـەڕن و کوردسـتانیش لـەم قاعیدەیـە بـە دەرنیە و ئێمە ئەگەر ناتوانین خاوەنی بیر و بەرنامەو پروگرامـی نوێ بۆ لاوەکانمان بین، نابێ ڕێگر بین لە بەر دەم ئەو پرۆسەیە کـە دەڕوات بـەرەو سـەقامگیرکردنی دێمۆکراسـی لەکۆمـەڵگا رۆژهەڵاتـیـیەکان دا.

* * *

پەیامی کومیتەی بەرێوەبەریی گشتی بۆ پێنجەمین کۆنگرەی یەکگرتووی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان

بەڕێزان : ئەندامانی کۆنگرەی پێنجەمی یەکگرتوی قوتابیانی ئیسلامی کوردستان

سڵاوێکی گەرم :

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی پێنجەمی رێکخراوە بەڕێزەکەتانـەوە پیرۆزباییتـان لێ دەکـەین و هێڤـی خـوازین کـە کۆنگرەکـەتان وەك بـەرزترین دەسـەڵات بتوانـێ لـە ئاسـت خواسـتی هەنووکـەیی لاوان لـەم بەشەی کوردستان دابێ .

ئێمە لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانـەوە خوازیـاری ئـەوەین کـە کۆنگرەکـەتان هـەنگاوێکی گـەورە بـێ بـۆ دیموکراتیزاسـیون لـەم بەشەی کوردستان دا.

سەرکەوتووبێ کۆنگرەکەتان

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان
٢٠٠٥/٨/١٥



## پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی بۆ یادی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

پێشکەش کردنی: ڕەحمان سەلیمی

**هاوڕێیانی بەڕێز، ئەندامانی ڕێبەرایەتی ،کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی بەشەرەف و خۆڕاگری کوردستان!**

یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە بەختەوەر دەزانێ کە شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، حیزبی پێشڕەو و خەباتگێری سەرجەم چین وتوێژەکانی کوردستانی ئێران لە خۆی وئێوەی بەڕێز پیرۆز بکا .

حیزبی دێموکرات وەك نوێنەری ڕاستەقینەی خەباتی نەتەوایەتی شەست ساڵی ڕەبەقە بۆ دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دا لە خەباتێکی بێ وچان و پڕ لە شانازی دایە .

دامەزراندنی حیزبی دێموکرات سەرەتای سەرهەڵدانی خەباتێکی مۆدێرنی نەتەوایەتی یە لە کوردستان دا و لەم پێناوەدا بە هەزاران شەهیدی پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کردووە کە لەسەرووی هەموویانەوە ڕێبەرانی سەرکردە ( پێشەوا قازی محەممەد ، د. قاسملوو ، د.شەرەفکەندی) وەك سێ ئەستێرەی پرشەنگدار دەدرەوشێنەوە.

**هاوڕێیانی بەڕێز!**

ئەوساڵ لەکاتێکدا جێژنی شەستەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگرین کە خەڵکی قارەمانی کوردستان پتر لە مانگێکە شارو شەقامەکانی کوردستانیان کردۆتە گۆرەپان و مەتەرێزی بەربەرەکانی لەگەل ڕەش بیرانی کۆماری ئیسلامی . نەتەوەی کورد لەکوردستانی ئێران بەهێنانە گۆری شێوازێکی نوێ لە خەبات ، واتا خەباتی سەر شەقام ، کە بەرهەمی بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوایەتی و بەهرەمەندی لە کولتوورێکی دەوڵەمەندی ئازادیخوازانەیە سەلماندی کە ئەگەر دوژمن ڕێگایەکی لێ دابخا ، قەت لە تێکۆشان واز ناهێنێ و شێوازێکی دیکەی خەبات دەگرێتە بەر.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو شانازیەی هەبووە کە بەردەوام بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزموون و پشتگیرییەکانی حیزبی دێموکرات لە سەنگەری خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد دا ئامادەبێ .

ئەگەر چی ڕەنگە ئەرکی سەرەکی ڕێکخراوێکی مەدەنی، گرینگیدانی زۆرتر بە کێشە سینفی و کۆمەلایەتی‌یەکان بێ ، بەلام باروذۆخی کوردستان و پێویستیی ئامادەبوون لە جەرگەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کەشان بەشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بێتە مەیدانی خەباتی سیاسی نەتەوایەتی یەوە و لەم پێناوەدا بەسەدان لاوی شۆڕشگێڕی بوونەتە قوربانی ئامانجە بەرزەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد .

لەکۆتایی دا یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیسان پیرۆزبائی ئەم ڕۆژە مێژووییە لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەی شەهیدانی و زیندانیە سیاسی‌یەکانی کوردستان دەکا .

سەرکەوتنی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاوات دەخوازێ .

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٣٨٤/٥/٢٥**

**پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ شەشەمین کۆنفڕانسی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی سۆئید**

بەشداربووانی بەڕێز لە کۆنفڕانسی شەشەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران– کۆمیتەی سۆئێد !

لاوانی ژیر و دیمۆکرات و نەتەوەپەروەری کورد لە کوردستانی ئێران !

یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سۆئید لە کاتێك دا کۆنفڕانسی شەشەمی خۆی بەناوی بەرزی"پێشەوا قازی" و دروشمی پڕنێوەرۆکی "سڵاو لە راپەڕینی لاوانی کوردستان" بەڕێوە دەبا کە بەم دواییانە کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداری نوێنەرانی لاوان لە کۆمیتەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات پێکهات و لە ماوەی ٣ رۆژ کاری بەردەوام دا سەرکەوتووانە و بە کۆمەڵێك دەسکەوتی بەنەرخ لاپەڕەیەکی دیکەی لە مێژووی پڕ لە شانازی خۆی هەڵدایەوە.

بێ گومان یەکێك لە چالاکترین و کاراترین کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان لە ساڵانی رابردوودا کۆمیتەی سۆئید بووە کە لێرەدا بە پێویستی دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بە گشتی و بەڕێوەبەرانی لاوانی سۆئید بەتایبەتی بکەین و سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان بۆ بەئاوات بخوازین. هەروەك دەزانین لاوانی کورد لە کوردستانی ئێران لە قۆناغی نوێی خەباتی خۆیان دا کە شێوەی خەباتێکی مەدەنی و شارستانیانەی بەخۆوە گرتوە، لە ١٨ی پووشپەڕی ئەمساڵەوە بۆ زیاتر لە یەك مانگ لە بەرامبەر سەرکوت و گوشاری رێژیمی دیکتاتۆری مەلاکاندا وەستان و بەو حەرەکەتە قارەمانانەیە سەلماندیان کە هەرگیز لەبەرامبەر داگیرکەراندا ملکەچ نابن و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بە گشتی و لاوان بە تایبەتی ئامادەن هەر چەشنە فیداکاریەك لە خۆیان بنوێنن. لەم راپەڕینە بێ وێنەیەدا بە دەیان لاو شەهید و بەسەدان لاو بریندار و یا لە سیاچاڵەکانی رێژیم دا لەژێر ئەشکەنجەی رووحی و جەستەیی دان.هەر بۆیە ئێمە لاوان لە تاراوگە ئەرکێکی زۆر گرانمان کەوتۆتە سەرشان و زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە دەبێ بەهەر شێوەیەکی گونجاو دەنگمان بخەینە پاڵ ئەو بزووتنەوە رزگاریخوازانەیە و لاوانی کوردستان دڵنیا کەینەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی لاوان مەیدانی خەبات چۆل ناکەین .

لە کۆتایی دا بەستنی شەشەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ کۆمیتەی سۆئید بە هەموو ئەندامان پیرۆزبایی دەڵێین و ماندوونەبوونی لە بەرێوەبەرانی ئەو کۆنفرانسە دەکەین .

پیرۆز و سەرکەوتوو بێ شەشەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ـ سۆئید

یەکگرتوو بێ ریزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

**کۆمیتەی بەرێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

**٢٠ی سیپتامبری ٢٠٠٥ی زایینی**

# هەر جارە و زاراوەیەك

## شۆڤێنیزم Chauvinism

**بریتیە لە :**

نەتەوە پەرەستیی توندڕەوانە و نامەعقوڵ و تێکەڵ بە نەفرەت و رق لێ بوونەوە لە نەتەوەکانی دیکە. ئەم ناوە لە ناوی (نیکۆلا شۆڤێن Nicolas chovin) کە سەربازێکی ناپلیۆن بوە وەرگیراوە کە بەهۆی ملکەچی تەواو بێ ئەملاوئەولا و ساویلکانە لە ئاست ناپلیۆن بە ناوبانگ بوو.

لە زمانی ئینگلیزی دا شۆڤێنیزم وەك دڕکەیەك (کنایە) بۆ هەرچەشنە زێدەڕۆییەکی خۆپەرستانە بەکار دێ. لایەنگرانی بزوتنەوەی ئازادی ژنان لەم بارەوە زترتوەی "شۆڤێنیزمی پیاوانە" بەکار دێنن. لە ساڵی ١٨٣١ شانۆنامەیەك کە یەکێك لە لە کەسایەتیەکانی ناوی شۆڤێن بوو، هەروەها گۆرانیەکی بەناوبانگ بووە هۆی ئەوەی کە شۆڤێن و زاراوەی شۆڤێنیزم لە فەرانسە دا بخاتە سەر زاری خەڵك و لەو زمانەشەوە گوازرایەوە بۆ زمانەکانی دیکە.